ا

# نەخشەی نوێی کریستیانەکان لە لوبنان.

غابی ئەبو عتمە

ئا/ شــێرزاد هەینی ـ سوید

Sherzad55@hotmail.com



میشال عون ـ سمیر جعجع ـ أمین الجمیل ـ سلیمان فرنجیة

پازدە ساڵە کریستیانە مارۆنییەکان رووبەریان تەسك دەبێتەوە، ئەو پێشهاتەش ماوە ماوە دەگۆڕێت و گرژدەبێتەوە، جارجاریش لاتەریك و نامۆ دەبێت. لەو ماوەیەدا ئاسۆی میلی بۆسەلەکانی ناوچەیی و نێونەتەوەییان بەرەو پەرتبوون و نەمان دەچێت. کریستیانیەکان و سیاسەتی رۆژانەیان، وا بەرەو پلەی خوارەوەی ژمارە چوار شۆردەبێتەوە، دیارە پلەی یەکەمی دەستەلاَت لە لوبنانی سیاسی ئیمرۆدا بەر موسلمانی سوننە مەزهەب، دووەمیش بەر شیعە مەزهەب و درووزیش سێیەم پلەی بەردەکەوێت. جاران کریستیانەکان لە لوبنان و ناوچەکەو جیهانیش هاوکێشەیەکی گران بوون، کردنەوەیان ئاسان نەبوو.

کە ژەنرال میشال عون لە ئەپریلی 1991 بۆ فەرنسا دوورخرایەوە، کە سمیر جعجع لە 22ی نیسانی 1994 خرایە زیندان، رەوشییان بەرەو ئاڵۆزی و دوورەپەرێزی چوو، لە جیهانی سیاسیەت و کاریگەرییان رۆلیان کەم کرایەوە. کە بایەکۆتی هەڵبژاردنی ساڵی 1992 یان کرد ، زۆرتر دوورکەوتنەوە. کەوتنە دەرەوەی بازنەی پەرلەمان، ئەوانەی چوونە ناو پەرلەمانیش یان بە دەستنیشانکردبوو، یان بە کۆی 41 دەنگەوە بوو.

کە لە ئەیاری 2005 ژەنرال میشال عۆن لە تاراوگەی پاریسی گەڕایەوەو سمیر جعجع لە زیندان بە فەرمانی لێبووردنی پەرلەمان لە یولیوی هەمان ساڵ ئازادکرا، وایان زانی لە دەروازەیەکی فراوانی ترەوە چوونەوە ناو مەیدانی سیاسی و دەورەییان گەشەی کردووە. وایان زانی پاش 15 ساڵ دوورکەوتنەوەو دوورکەوتنەوە لەو

گۆڕەپانە گەرمەی سیاسەتی لوبنان، ڕەوشەکەیان بە زەوقی ئەوان دەبێت، هەموو شتان لەسەر خوانی زیوو بۆ دانراوە.

پاش ئەو ڕەوشە تازەوە بە ناکۆکی و فرە مینبەرەوە لە هەڵبژاردنی 2005 بەشداربوون، ڕەوتی نیشتمانی ژەنرال میشال عۆن 21 پەرلەمانتاری بەرکەوت، هێزەکانی لوبنانی سمیر جعجعیش 6 ئەندامی پەرلەمانی بەرکەوت، کۆی ئەندامانی کریستیان گەیشتە 61 ئەندام، ئەو گروپەی ناو پەرلەمانیش ژەنرال خۆی بە پێشەوایان زانی. ئەو گروپە نەیانتوانی دەستکەوت و پارسەنگی بەهێزیان هەبێت، هێزەکانی جعجع بە یەك وەزیر بەشداری کرد، بۆیە ژەنرال لەگەڵ ( حزب الله ) پەیمانی لەیەکگەیشتنیان مۆرکرد، هەموو ڕێ و بانەکانیان لە نێوان یەکتر تەختکردو بواری نێوان ( الرابیە ) و ( زغرتا ) یان خستە سەرپشت. بەڵام مانەوەی بواری داخراوی نێوان ( الرابیە ) و ( تلەبکرکی ) پەیمانەکەی کریستیانی شێلوو بیٚ سوود دەرخست. چونکە نێوانی پاتریك و ژەنرال زۆر کێشەو جیاوازی هەبوو. بۆیە زۆر لایەنە کریستیانەکان لەو بەرەیەدا کشانەوە. کێشەی زۆری نێوان پاتریك صفیرو جعجع و قرنە شهوان بەرەی ژەنرالی پتەوو بەهێزکرد، بۆیە ژەنرال پشتی سەرۆك ئەمیل لحوودی گرت و پشتیوانی کرد. ئەوەش پاداشتی یارمەتی و بواردانی گەڕانەوەی ئەو بوو لە تاراوگەکەی لە پاریس.

لەبەرامبەریشدا لایەنەکانی تری کریستیانەکان، مانەوەی سەرۆك لحوود لە کۆشکی ( بعبدا ) یان بە ناڕەوایی هاوکێشەی نێوان هەرسیٚ سەرۆکایەتی زانی. بۆیەش کریستیانەکان دوورە پەرێز مانەوە.

لەو ڕەوشە تازەو لەناو ئەو نەخشەیەدا نەخشەیەکی تری کریستیانەکان سەری هەڵدا، ڕەنگی زۆر پەیدا بوو، ڕەوتی نیشتیمانی ئازاد ڕەنگی پرتقالی، ڕەنگی زەیتی بۆ هێزەکانی لوبنانی، ڕەنگی کەسکیش بۆ ڕێکخراوی المردەو شیعاری حزبی الکتائیب و نیشانەی حزبی دەستەی نیشتمانی و نیشتیمانخوازە ئازادەکان هاتە مەیدانی سیاسی کریستیانەکان لە لوبنانی تازەدا. ئەو نەخشە ڕەنگینە چەندین ئیمارەتی کریستیانی سەربەخۆی لێکەوتەوە، لە چەند بینین و ڕووانگەوە یەکگرتوون و لە چەند دیدی تر جیاوازو ناکۆکن.

ئەوانەی سەرکردایەیتان دەکەن بە هیچ شێویەك ناگەنە ناوە کۆنەکەی جارانیان، دەوری شمعون نابێتە سەرۆك کمیل شمعون، سلیمان فرنجییە وەك سلیمان فرنجییەی باپیری نابێت، کارلوس ردەش نابێتە ریمۆن ردە، سەرۆك بشیر الجمیل ناگاتە الشیخ بیار الجمیل، سمیر جعجعیش ناگاتە بشیر الجمیل. ئەو دیاردەیەشە هۆکاری لاوازی و بێدەستەڵاتی مارۆنییەکانە، بۆیەش سەرۆکی کۆمار ڕۆلی نەماوە. کە مارۆنییەکان لەو ڕەوشە سیاسیە دوورەپەرێزییەدا هەستیان بە نائومێدی و دوورکەوتنەوە کرد، زۆرجار بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی شوورا توندەکەی کۆشکی سەرۆکایەتی بعبداش دەکەن، هیوادارن دەروازەکانی دەربهێنرێت و داکەڵێت، ئەو هێرشە توندەش خودی سەرۆك کۆماریش دەگرێتەوە، ئەوانەی پشتیوانیش دەکەن.

ئەوانەی بە توندی پەلار لە سەرۆك ئەمیل لحوود دەدەن، بە سەرلەنویٚ دانانەوەی بە سەرۆك بە ناڕەوا دەزانن، لایان ناخۆشە، ئەوانە ڕاستوخۆ زیانی گەورەش بە خودی تایفەکەشیان دەگەێنن. ئەگەرچی ئەو سەرۆکی هەموو ولاتە، بەڵام لە ڕاستیدا نوێنەری مارۆنییەکانەو بەشی ئەوانە لەو دەستەڵاتەدا، مارۆنییەکان ئەوەش بە هەلەو بە چەواشە دەزانن.

پاش ڕێکەوتنەکەی تائیفەوە هەموو تائیفەیەك بەشی خۆی لەو دەستەڵاتە سیاسییە بۆ دەستنیشانکراوە، ئەوەشیان بەر مارۆنییەکان کەتووە، ئەوەش بویتە یاسایەکی نەنووسراو بۆ پاشەڕۆژی سیاسی ئەو ولاتە.

هەموو لایەنیەکانی تری ناو کۆمەڵگەی لوبنانی دانانی پلەی سەرۆکیان بۆ تائیفەی مارۆنی داناوە، ئەوانیش سەرپشکن لە دانانی هەرکەسێك، کە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك کۆمار دەنگۆی کورتکردنەوەی هاتە پێشەوە، ئەوان لەناوخۆیاندا کەتنەوە دانووستان و مقۆمقۆو زۆر پێشنیارکرا، بۆیە ماوەی سەرۆکایەتی ئەو تا 24ی نۆڤمبەری 2007 مایەوە. ئەوەش هیمای بوونی ناکۆکی مارۆنییەکان بوو لەناو خۆیاندا. ئەو ناکۆکیەش لاوازی و بێدەستەڵاتی لێدەکەوێتەوە. بۆ چوونە ناو بەهەشتی کۆشکی بعبدای سەرۆکایەتی، کریستیانەکان زۆر ناکۆکن و سەرۆکەکانیان ناگانە یەك. نوێکردنەوەی سەرۆکایەتی ولات بۆ سەرۆك ئەمیل لحوود، ناڕەزایی زۆری لە ولات و لە دەرەوەو لەناو خودی کریستیانەکانیش لێکەوتەوە، بۆیە ئەو کۆشك و ئەو دەستەڵاتە بە لاوازی هاتەوە مەیدانی سیاسی رۆژانە، ئەوەش کاریگەری نەگەتیڤی لەسەر مارۆنییەکان کرد.

ئەو رەوشە سیاسییە زۆرتر ئاڵۆزبوو، کە پاتریك الصفیر بە لایەنگیرو پشتیوانی لایەنێك لە لایەنەکان دانرا، لە ئەنجامدا لەناو نەخشەی مەزهەبەکانی کریستیانەکاندا، چەندین پونتی هەمەڕەنگی نەشیاو دەرکەوتن. بۆیە پاتریك زۆر لەپێش مێوانە سیاسییەکاندا دەوری لاوازی ئەوان و کریستیانەکان ئاماژە پێدەدا، گلەیی زۆری هەیە، راستە چەند وەزیرێکیان هەیەو نوێنەرایەتیان دەکەن، بەڵام ئەوان بە وەزیری بێدەستەڵات و لاوازیان ناودەبەن. بۆیە مارۆنییەکان بێ بڕیارن.

کۆمەڵێك کریستیانی قرێتم و مختارە بەشداری بڕیارو خیتابی سیاسی ناکەن و دوور دەوەستن، کە بڕیارێك دەرچوو ئەوان رازیین، دەستەیەکی تریان بەشداری ناو بڕیاری سیاسی حزب الله دەکەن، لەناو ئەو بڕیارەشدا سەنگ و سەربەخۆیی تەواویان نی یە.

دیارە کەوا پاتریك الصفیر لە دیداری قرنە شهوان نەیتوانی ناکۆکیەکانی وەرگرتن و دانانی پۆستەکانی پەرلەمان و وەزارەت یەکلابکاتەوە، ئەوەش دەرزی خستە ناو هەموو بڕیارەکان، بەتایبەتی نێوان کریستیانەکان، ئەو لەنگی ولاوازییەش باندۆری لەسەر رەوشی هەموو ولات و سیاسەتەکەی هەبووە. بوونی ناکۆکی و ناڕەزایی لەناو یەك لایەن پارسەنگی لاواز کردن و گرانی بڕیارەکان ناوچەکەو جوگرافیاکەی بڕیاری کۆتایی لەسەردەدات، نەك مەزهەبەکە یان تائیفەکە. چونکە بڕیاری راست و ویستراوو بە یەکێتی بڕیار و کۆمەکی هەمەلاینەوە دەبێت. یەکێتی ناو مارۆنییەکان نەماوە، لایەنی سیاسی هەیە رێزی مەرجعیەتی بکرکی ناگرێت، دیارە ئەوانیش بیانۆیان ئەوەیە گوایە پاتریك لایەنگیری سەرۆکایەتی کۆمار بۆ میشال عون ناکات. پاتریك سێ چوار کەسی تر بۆ ئەو پلە بەڕەواو ڕاست دەزانێت، بۆیە لایەنگیرانی عۆن ئەوە بە پشتیوانی پاتریك بۆ کەسێکی تر دەزانن، نەك رابەرەکەیان، ئەوەشیان دوورە لە راستی، چونکە پاتریك لایەنگیری کەس ناکات. ئەو دانانی هەر کەسێك بۆ سەرۆکایەتی ولات بە لێوەشاوەیی و کارامەییەکەی دەناسێت، نەك بە ناوو مەزهەبەکەی. ئەو کەسەی دەوێت چەند پابەندە بە ولاتپارێزی، لە هەموو شتێکی بە گومان بێگەردی بێت.

کە دەستنیشانکردنەکەی پاتریك لە پاڵێوراوێکی ناو دەستەیەك ئاشکرابوو، کە نوێنەری زۆرینەی کریستیانەکانە، زوو لایەنەکەی تر کە نوێنەری کەمینەی ناو کریستیانەکانیش بن لە رەوەکە دەردەچن، ئاوازی تەنیایی دەژەنن و لە سەیوانی بکرکی دووردەکەونەوە.

ئەوەی روونە بەناو جەستەو داری مارۆنییەکاندا ڤایرۆسێك هەیە و قەدەکەی کلۆڵ دەکات و لاوازی دەکات، ئەوەش نائومێدی لێکەوتەوە، دەبوایە ئەوەیان بخرێتە ناو ئاگردان و گڕ بگرێت. ئەو ڤایرۆسانە بیست ساڵەو پاش مردن و نەمانی پاتریکە بە هێزەکان نەخەوتوون، پاش ئەوانە چەندین پاتریکی لاوازی ناوخۆیی هاتوون،

هیچیان نەیانتوانیوە بچنە ناو سیاسەتی دەرەوەو کاریگەرییان هەبێت.
ئەوەی روون و دیارە رۆلی مارۆنییەکان بەرەو لاوازی و پارچە پارچەبوون دەچێت، لەسەر سەکۆکانی دەستەلات و بچووکترین پلەو پایە ناکۆکن و رێزی بڕیاری مەرجەعیەتی بکرکی نەماوەو هەستی نیشتیمانپەرەوەریان لاوازو سستە، لەسەر کەسایەتی و بەرژەوەندی کریستیان و مارۆنییەکان ناکۆکی بەرەدەوامە. ئەگەر ئەو رەوشە وا بڕوات ئەوا دەستەلاتی سەرۆك کۆماری مارۆنی دەبێتە مەتران شاری مکە و بەس ..!

زۆرجار پاتریك صفیر لە پێش مێوانەکانیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کەوا کێشەکەی سیاسییەو عقائیدی نی یە، سیاسەت بگاتە هەر ماڵێك خاپووری دەکات.

دیارە کەوا میشال عۆن بە ئاسۆیەك و ئاراستەیەك پیادە دەکات، سمیر جعجعیش بە ئاراستەیەکی ترەوە دەڕوات، سلیمان فرنجییەش بە پێچەوانەی ئەوانەوە رێ دە کات، لەناو ئەوانەشەوە چەندین ئاراستەی تریش پیادە دەکرێت، ئەوانەش وێل و بێ قیبلەنامەن و ئاراستەیان نادیارە. لەو بیابانە فراوانەدا رێ دۆزینەوە لە نێوان دژایەتی ئاسۆو بوارەکان زەحمەت بووە. خۆراگری و هەڵوێست، بە هێزو بڕیار بەرجەستە دەبێت، بواری بەرژەوەندی تاکە کەسیش بوونی هەر دەبێت.

مارۆنییەکان لەو نێوان رێگاکانەدا بزرن و ترافیکیان بێ سەروبەرو بێ ئاراستەیە، بەرەو نادیاری و ترسناکی رێدەکەن. لە نێوانیاندا چەند تەگەرە و بەربەستی خۆڵی و دەروونی توندڕەوانەو رەخنەگرانە هەیە، رێگای رابیەی الارز بە هەردوو ساید پیادە ناکرێت، لە چەندین خاڵدا بەربەستی تێدایە، تەگەرەو کۆسپەی سیاسی زۆری دێتە پێش، بوارو رێگاش هەیە بە یەکجاری بە بەربەستی کۆنکریتی گیراوە. لەو رێگایە سیاسیەی نێوان مارۆنییەکاندا شێوەی جاڵجاڵۆکەیی پێوەیە، چاککردنەوەو خۆشکردنەوەشی زۆری دەوێت، هەموو رێگاکان چاوی لە کۆشکی بعبدای سەرۆکایەتی یە، ئەو بیین و روانینەش ئەگەر لەسەر پەرتبوون و ئاڵۆزی یەکێتی کریستیانیش بێت، ئەو رێگایە کەندو کۆسپەی زۆری لە پێشە، ئەگەر بانگەوازی حەرامکردنی کەنیسە بڕیارێك بدات و نەخشەکە بە یەك رەنگ رەنگرێژبکاتەوە، ئەو رەنگەش هاوکاری و تەبایی نیشتیمانی گشتی یە، رەوشە سیاسییەکە هەناسەی دێتەبەر. هەموو لایەکیش بەناچاری بەرەو زۆرینە دەڕۆن. کریستیانەکانی خوارووو بعلبك و بقاعی خۆرئاوا بەناچاری بەرەو سەرچاوەی بکرکی دەڕۆن. ئەو هەموو رەنگە بە مەرجعیەتی بکرکی کۆدەبنەوە، ئەوانەی لەو یاسایەش دەربچن، لەو بازنەیە دووردەکەونەوە.

لە تۆڕی نێتی ( الکفاح العربی) وەرگیراوە.